# مۆدی جلی کوردی بۆ وەرزی بەهار وساڵی نوێ







ماوە ماوە، گۆڕانکاری لە شێوە و دیزاینی جلی کوردی دەکرێت، بەڵام شێوە و دیزاینە سەرەکییەکە وەکۆ خۆی پارێزراوە و تەنیا چەند گۆڕانکارییەکی سادە بەسەر ئەو جلەدا هاتووە، بەرگدرووان و ئەوانەی جلی کوردی دەدوورن، هەمیشە تازەگەری جوان و ناسکتر دەخەنە نێو نەخش و شێوەی ئەو جلە، بۆ ئەو مەبەستە بەرگدروو (ئەسعەد خەیات) دەربارەی مۆدەکانی جلی ئەمساڵ دەڵێ: ئەو ساڵ بەهۆی باری دارایی خەڵکی کەم داوای جلی کوردی کردووە، ساڵان یەك جۆرە قوماش، یان تاك رەنگێك دەبووە براندی ئەوساڵە، ئەوساڵ زۆربەی رەنگەکانی لەخۆ گرت، زیاتر رەنگی (مۆر) داوای لەسەر بووە، بەتایبەتی رەنگی مۆری تۆخ، چونکە هەموو جۆرە رەنگ و قوماشێکی لەگەڵدا بەکاردەهێنرێت، سەبارەت بە شێوازی جلەکەش زیاتر دەستووری بادینی کە کراسی شکاکی و کیستان و کە بە مۆدی رۆژئاوا و باکوور دەناسرێت داوای زۆری لەسەر بوو، ئەو ستایلە لە قوماشی سادە بۆ کەوا و کراسی شکاکی پێکدێت، چونکە سادە و ناسکە، ساڵانی پێشوو خەڵك جلی کوردی زۆر دەکرد و بۆ هەر بۆنەیەك جلێکی دەکرد، هەروەها کراس و کەوا باوی مۆدە بووە، ئێستا ئەو کەوایە هەیە لەگەڵ کراسی شکاکی بەیەکەوە مۆدێکی تازە دەبێت و تێچووی کەمتر دەبێت. ئەوساڵ کراسی حەریر، یان ساتان بە جوانترین کراس لەگەڵ جلی کوردیدا دادەنرێت، چونکە خانمان جلی کوردی زۆریان هەیە و دەتوانن بە سوودوەرگرتن لەگەڵ ئەو کراسە سەتانە شیك دەکرێن. ئەوساڵ مۆدی کەوای بە پوولەکەش بەکاردەهێنرێت و لە ساڵانی پێشوو باو نەبووە، هەروەها قوماشی بە سیم، یان سیمدار هەیە، دەبێتە لوتکەی قوماشی جلی کوردی، لە بەهاری ئەمساڵ (٣) بۆنەمان هەن، رۆژانی نەورۆز و جەژنەکان و رۆژانی دەرچوونی زانکۆکان.



# ڕێگاکانی شیککردنی ڕەنگەکانی خشل و ئێکسسوار

شیککردنی ئێکسسوار و خشلەکان، پێویستی بە لێزانینێك هەیە، بۆیە کاتێك بە کارامەیی دەتوانیت بەسەر ڕێکخستنی خشل و شێوە و ڕووخسارت زاڵ دەبیت، ئەوکاتە دەبیتە کەسێکی دەسترەنگین لە هەڵبژاردنی ئێکسسوارەکان، ستایلەکانی ئێکسسوارەکان، لەگەڵ زۆر لایەن شیك دەکرێن، لەوانە: ڕەنگی ماکیاژ، جل و بەرگ، ئارایشتی قژ، دواجار پسپۆرانی ئێکسسوارەکان دەڵێن: دەکرێت شیککردنی خشلەکان بەپێی کەسایەتی و مامەڵەکردنت لەگەڵ دەوروبەر بێت، بۆ نموونە: کە تۆ کەسێکی هێمنی، نابێت ئێکسسوارەکانیش لە ڕەنگی ڕۆن و ئاچوغ بن، لێرەوە سوود لە ڕێنماییەکانی گونجاندنی ئێکسسوارەکان لەگەڵ کەسایەتی و شێوەت وەربگرە: لە مۆدە تازەکانی ئێکسسواری ئەڵقە و ئەنگوستیلەدا هاتووە، کە باوترینیان لە پەنجەکردنی (٢) ئەڵقە و ئەنگوستیلەیە بەیەکەوە، کە هەر یەکێکیان لە ڕەنگ و شێوەیەکدا بن، کاتێك ئەو ستایلە هەڵدەبژێریت پێویستە هاوشێوە یان هاوڕەنگ بن. بۆ ئەوانەی حەز بە خشلی سادە دەکەن، دەتوانن بە تاکی لە پەنجەیان بکەن، بۆ ئەوانەی هاوسەردارن، دەتوانن لەگەڵ ئەڵقەکەیان، ئەنگوستیلەیەکی بچووکیش لە تەنیشت ئەڵقەکە لە پەنجە بکەن. هەندێ لە خانمان حەز بە خشلی ڕەنگاوڕەنگ دەکەن، دەکرێت ڕەنگەکانی: پەمەیی، سپی و زەرد بۆ خشلەکان هەڵبژێریت، بەڵام پێویستە ئەو ڕەنگانە تۆخ و ئاچوغیان پێوە دیار بێت.

هەروەها دەکرێت سوود لە ڕەنگە سرووشتییەکانی ئێکسسوارەکانی وەك: بەرد و یاقووت و مەرجان وەربگریت بۆ ڕەنگی خشلەکانی دەست و پەنجەت.

# بنچینەکانی هەڵبژاردنی ڕەنگی جل و ڕەنگی پێست





هەڵەکردن لە هەڵبژاردنی ڕەنگی جلوبەرگ، زۆر جار دەبێتە هۆی نەشیاویی شێوە و دیمەنت، وەك نموونەی خانمە نمایشکاری ئەمریکی (کیم کارداشیان) کە خۆی ڕەنگی ئەسمەرە و لە بۆنەیەکدا کراسێکی درێژی ڕەنگی قاوەیی پۆشیبوو، ئەگەرچی کراسەکە لەلایەن باشترین دیزاینەران ئامادەکرابوو، بەڵام ڕەنگی کیم و کراسەکە دژ بوون و بەمەش شێوەی تەواو شێواندبوو، چەند بنچینەیەك هەن کە دەتوانن بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگی جل و پێستت پەیڕەویان بکەیت تا تاخمە جلێکی جوانت بۆ دەربچێت، لێرەوە ئاشنای ئەو بنچینانە بە:


- پێستی گەنمی: ئەوانەی پێستیان نێوان سپی و ئەسمەرە، کە بە گەنمی ناسراون، لە پێشوودا دەگوترا ئەوانەی گەنمین نابێت ڕەنگەکانی زەرد و سەوز بپۆشن، کە ئەوەش بیرۆکەیەکی هەڵە بوو، بەڵکو سوود لەو دوو ڕەنگە وەربگرە، هەروەها جلی ڕەنگ بێجی و ڕەنگە کراوەکانیش بۆ گەنم پێستەکان دەگونجێن.

- ئەسمەر: ئەوانەی ڕەنگی پێست بەرەو ڕەشی دەچێ یان ئەسمەرن، ڕەنگە لە ڕەنگی سپی بترسن بەهۆی ئەوەی ڕەنگیی ڕەشیان زیاتر دەردەخات، کەچی ئەوەش بیرۆکەیەکی هەڵەیە، بەڵکو دەتوانی جلی سپی لەبەر بکەیت لەگەڵ ملپێچ و ئیلەگی ڕەنگی نیۆن و شین و قاوەیی، کە هەر ڕەنگێك لەوانە ڕەنگی خۆت دیار ناخات و شیك دەردەچێت، ئەسمەران خۆیان خوێن شیرینن، جگە لە قاوەیی هەر ڕەنگێکی دیکە بۆیان گونجاوە.

- سپی پێست: ئەوانەی ڕەنگیان سەرووی ئەسمەر و گەنمییە، بە سپی پێست دادەنرێن، شێوەیان ناسکە و دەتوانن زۆربەی ڕەنگی جلەکان بپۆشن، بە تایبەت ئەوانەی کراوە و ڕەنگدانەوەیان پێوە دیارە، بەتایبەت ڕەنگەکانی: نیللی، ڕەش، ڕەساسی، زەرد، شین، مۆر جوانترین ڕەنگن بۆ جلەکانی سپی پێستەکان.

## قژە سەیرەکەی ئافرەتە سیاسەتوانەکەی رووسیا

ئارایشتی قژی هەر کەسێك لەگەڵ کەسێکی دیکە جیاوازە، ئەوە نەبێت هەندێ جار ئارایشتەکان لە یەك دەچن، یان لەسەر هەمان ستایل دادەنرێن، ئارایشتی قژی ئافرەتان زیاتر ئاڵۆزە و وەك ئەوەی پیاوان نییە، چونکە جوانیی ئافرەت لە چاو و قژیدایە، ئەوە قسەی خانمە سیاسەتمەداری رووسی (ڤاڵینتینا پیترنکۆ)یە کە ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەو وڵاتەیە و خاوەن سەیرترین و سەرنجڕاکێشترین ئارایشتی قژە. ستایلی قژی ئەو خانمە بە شێوەی کارێکتەرانی ئەفلام کارتۆنی (سیمبسۆن) دەچێ، کە بەرەو سەرەوەیە و شێوەی چوارگۆشە و لاکێشە لە خۆ دەگرێت، تەمەنی ئەو ئافرەتە (٦٢) ساڵە و بە خواستی خۆی ئەو ئارایشتەی داناوە، لەو بارەیەشەوە دەڵێت: خەڵك دەڵێن کە بانگەشە بۆ فیلمی کارتۆنی سیمبسۆن دەکەم، بەڵام ئەوە وانییە و پێکهاتەی قژم وایە کە لوولە و بە ئاسانی رێك نابێت، بۆیە منیش ئەو ئارایشتەم بۆی کردووە و زۆریش بە دڵمە.





## بووکی خوێ

شانۆگەرییەك بە ناوی (DYBBUK) هەیە کە باس لە ئافرەتێك دەکات هەست بە رۆحی خۆشەویستە مردووەکەی دەکات، کە لە شانۆگەرییەکە کراسێکی بووکێنی لەبەرە، کچە هونەرمەند و شانۆکاری ئیسرائیلی (ساگاڵت لانداو - Sigalit Landau)یە، لەدایکبووی (١٩٦٩)یە، بیرۆکەکەی ئەوبوو کە ئەگەر ئەو کراسە بخاتە ناو دەریای مردوو، چی بەسەر دێت، دوای ئەوەی بیرۆکەکەی جێبەجێ کرد و کراسە بووکێنییەکەی نێو شانۆگەرییە بۆ ماوەی (٣) مانگ خستە نێو دەریای مردوو و چاودێریشی بۆ دانا، لە ئەنجامدا کراسەکە وەك کریستاڵ دەرکەوت، کە رەنگی کراسەکە لە رەشەوە بۆ سپی بووە، تەواوی رەنگە رەشەکەش ون بووە، ئێستا ئەو کراسە لە پیشانگای (مارلبۆرۆ) لە شاری لەندەن دانراوە، هەروەها لەسەریشی نووسراوە: رۆحی مردووەکان ناخی کەسەکان سپی و پاك دەکەنەوە.




## سۆزی دایکایەت

دایکایەتی گەورەترین هەست و سۆز و بەزییە، هێمای گەورەیی یەکێکە لە پێناو منداڵ و بێچووەکانی هەموو شتێك دەکات، دایکایەتی هەستێکە و دەچێتە نێو دڵ و دەروونی هەموو مرۆڤ و گیاندار و ئاژەڵ و باڵندەیەکی مێیەنە، وێنەگرێکی ئەمریکی بە ناوی (گۆردۆن دۆنۆڤران) لە یەکێك لە دارستانەکانی نیشتمانی لە وڵاتی نامیبیا وێنەی دایکە شێرێکی گرتووە کە بێچووە



# پەیکەرسازی و کاری دەستی بە کلیل

لەمەدوا پێویست ناکات پەیکەرسازی و کاری دەستی لە کەرەستەی گرانبەهای وەك: خۆڵ و قوڕ و چیمەنتۆ و سیرامیك و پلاتین دروست بکرێت، بەڵکو دەکرێت سوود لە کەرەستەی فڕێدراو و کۆن وەربگیرێت تا ببێتە پێکهاتەی سەرەکی پەیکەر و کەل و پەلی کاری دەستی، ئەوەیە بیرۆکەی ئەو هونەرمەندە کە ناوی (مایکل ئۆل)ە و خەڵکی وڵاتی ئوسترالیایە، زۆربەی کارە دەستییەکانی لە کلیلی کۆن و فڕێدراو دروست دەکات، کە بە جۆرێك بەرهەمەکانی جێگەی سەرنجی هەمووان رادەکێشن. هەر کەرەستەیەکی زیاتر لە (٢٠٠) کلیل دروست دەکات، کەرەستەکانیش زیاتر کەل و پەلی ماڵ و تۆپی پێ و میدالیا و گیاندارانە، ئەگەر پێکهاتەی تۆپی پێیەکەی وەك نموونە وەربگرین لە (٩١) کلیل پێکهاتووە، کێشەکەی (٣) کیلۆگرامە و تیرەکەشی (٢٣) سەنتیمەتەرە، نرخیشی (٥٠) دۆلارە کە کەرەستەی لەم جۆرە تاکە و نموونەی دیکەی نییە.



## ...ی و ئاژەڵی دڕندە

مامزێك بەخێو دەکات، ئەو وێنەگرە دەڵێ: ماوەیەك لەمەوبەر ئەو شێرە بێچوویێکی دەبێت و دەمرێت، وا ڕێکدەکەوێت ئەو ئاسکەش بێ دایك دەبێت، دایکە شێرەکە بێچووە ئاسەکەکە دەهێنێتە لای خۆی و بەخێوی دەکات، تەنانەت ناهێڵێت ئەندامانی خێزانەکەی خۆی نزیکی ئەو ئاسکە بکەون، ئەو وێنەگرە دەڵێ: کاتێك ئەو وێنانەم دەگرت و تەزوویەك بە دڵمدا هات، بەهۆی ئەوەی هەستی دایکایەتی هێندە گەورەیە ئەو دایکە شێرە لە جێگەی بێچووەکەی خۆی سێبووری بەو ئاسکە بچووکە دێتەوە، تا هەستی دایکایەتی دامرکێت.






# کاری دەستی و وێنەکێشان

لە شوێنی گشتیی زۆربەی وڵاتاندا پیشانگا و نمایشی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێن، لەو پیشانگایانە هەرچی کاری تایبەتە بە بوارێك نمایش دەکرێت یان پێشکەشی خەڵك دەکرێت، زۆربەی ئەو پیشانگایانەش بە خۆڕاییە و کارێکی خۆبەخشیە، کوردستانیش لەو لایەنە بێبەش نییە و ماوە ماوە لە شوێنە گشتییەکاندا وەك: مۆڵەکان، باخچە و پارکەکان، سەرشەقام و بازاڕ، کاری خۆبەخشی و پیشانگا دەکرێنەوە، قوتابیانی قوتابخانەی سمارتی بنەڕەتی ئەو ئەرکەیان خستە سەرشانیان و ساڵانە پیشانگا بۆ کاری دەستی و وێنەکێشان دەکەنەوە، ئەمساڵیش لە پیشانگایەکی قەشەنگ و شایستەدا، کە زۆربەی قوتابیان بەشداریان کردبوو، هەر یەکە بە بەرهەم و لێهاتوویی خۆیەوە ئەرکی خۆیان دەنواند، پیشانگاکە تایبەت بوو بە دروستکردنی کەرەستە و کەل و پەلی ماڵ و جوانکاری کە وەك کاری دەستی نمایش کرابوو، هەروەها وێنەکێشانیش بوارێکی دیکەی پیشانگاکە بوو، جگە لە وێنەکێشان لەسەر تابلۆکان، هەروەها وێنە و هێما و نیشانەیان لەسەر رووخسار و دەست و مەچەکی منداڵان و گەورە دەنەخشاند، ئەو نەخشانەش زیاتر ئاڵای کوردستان و ناوی پێشمەرگە و کوردستان داوای خەڵك و منداڵان بوون. ئەوانەی یارمەتییان بۆ ئەو پیشانگایە تەرخان کردبووایە وەك کۆمەك و کۆکردنەوە، داهاتەکەشی بۆ منداڵانی نەخۆش تەرخان کراوە.











## پەند و وتە




کارل مارکس، پرۆفیسۆر و ئابووریناس و مێژووناسی ئەڵمانی، لە ساڵی (١٨١٨) لە شاری ترێیەر لە ئەڵمانیا لە دایکبووە و لە ساڵی (١٨٨٣) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کۆمەڵگە دەڵێ: ناکرێت پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەك پێوانە بکەیت، بۆ زانینی پێوەری ئاستی کۆمەڵگە، سەرەتا پێویستە پێگە و ژیانی ئافرەت لەو کۆمەڵگەیەدا پێش بکەوێت و ئازاد بێت.

## یاری وێنە



لەم وێنەیەدا چەندین ڕوخسار هەن، هەوڵبدە لە ماوەی (١) خولەك ڕوخسارەکان بدۆزیتەوە و هەروەها بزانە ڕوخساری چییە، زیاتر لە (٥) ڕوخسار هەیە.



## نیوەی چاوەکانی دەهێنێتە دەرەوە

ئەستەمە کەسێکی ئاسایی بتوانێت بۆ ماوەیەك چاوەکانی بکاتەوە و داینەخات، یان بتوانێت بەشێکی چاوانی بهێنێتە دەرەوە، بەڵام ئەو کارە لەلای ئەو گەنجەی ناوچەی ڕانهێلی سەر بە پارێزگای لیڤەرپوولی بەریتانی ئاساییە و ڕۆژانە بۆ نمایش و خەڵك نیوەی زیاتری چاوەکانی دەهێنێتە دەرەوە، ئەو پیاوە ناوی (جۆن دۆلی)یە و تەمەنی (٣٠) ساڵە، سەیرترین چاوی هەیە کە دەتوانێت بۆ (١٤) ملیمەتر گۆی چاوانی بهێنێتە دەرەوە، ئێستا دەیەوێت ناوی لە ئینسکلۆپیدیای گینیس تۆمار بکرێت و خەڵاتێك وەربگرێت، بەڵام تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە، لە ساڵی (٢٠٠٧) هەمان حاڵەت بۆ ئافرەتێك بەناوی (کیم گۆدمان) هەبوو، کە ئەویش دەیتوانی چاوەکانی بۆ (١٢) ملیمەتر بهێنێتە دەرەوە.

## بۆ زانیاریت

### کاتژمێری (بیگ بێن)

نە کاتژمێر و نە تاوەرەکە بەناوی «بیگ بێن» نییە، بەڵکو شتێکی دیکەیە بەو ناوەوە! زۆرێك لە ڕێبەرە گەشتیارییەکان و کتێبە مێژووییەکان کە باس لەمێژووی بریتانیای کۆن دەکەن، وەها باس لە ناوی «بیگ بێن» دەکەن، کە دەگەڕێتە بۆ تاوەری کاتژمێرە بەناوبانگەکەی لەندەن، بەڵام لە ڕاستیدا ناوەکە بەتەنیا ئاماژە بۆ زەنگی ناو کاتژمێرەکە دەکات، چونکە لە کۆندا زەنگ بە «زەنگی گەورە» «the Great Bell» ناوزەند دەکرا، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ «بیگ بێن» کە بووەتە نازناوێکی قبووڵکراو لەسەر ئاستی جیهان.

نهێنی ناولێنانی زەنگی تاوەری لەندەن بە ناوی «بیگ بێن» چییە؟ تیۆرەکان لەناو کتێبە مێژووییەکاندا گەلێك زۆرن سەبارەت بەو کەسەی زەنگەکەی ناوناوە: «بیگ بێن»، لەوانە تیۆرێك هەیە کەپێی وایە ناولێنانی لەلایەن یاریزانێکی مشتەکۆڵە لە کێشی قورسەوە بووە کە لەماوەی ساڵی ١٨٥٠ بەناوبانگ بووە، کە «Benjam-min Caunt»ـە، بەڵام بەهێزترین تیۆر ئەوەیە کە «سێر بنیامین هۆڵ» کە خۆی سەرپەرشتیی دروستکردنی زەنگەکەی کردووە، ئەو خۆی ئەو ناوەی بۆ داناوە. سەبارەت بەو تاوەرەش کە کاتژمێرەکە لەخۆ دەگرێت تا ساڵی ٢٠١٢ ـە ناوی تاوەری کاتژمێر بوو، بەڵام دواتر ناوەکەی گوردرا بۆ تاوەری ئیلیزابیس.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

ئێستا کاتی ئەوەیە کە خۆت بڕیارەکانت بدەیت و چاوەڕێی کەسی دیکە نەکەیت، لە داهاتووی نزیك ئەو کارەی ڕابردووت جێبەجێ دەبێت، بەتایبەت ئەگەر دووبارە بیری لێ بکەیتەوە، ژیرانە مامەڵە لەگەڵ کارەکانت بکە و زیاتر متمانەت بە خۆت بێت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەڵەیەکت کرد، ئەوەندە بیر لێ مەکەوە، چونکە داهاتوو بە ڕابردوو نابەسترێتەوە، هەمیشە چاوەڕێی بیرۆکەی خۆت بکە و واز لە کەسانی دیکە بێنە، ماوەیەکە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت و ئەمەش کاتییە و دەڕوات.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕووبەڕووی کارەکانت ببەوە و مەهێڵە کەسی دیکە بێتە ناو ژیانت، هەمیشە دڵت کراوە بێت لەبەرامبەر ئەو گرفتانەی دوچارت دەبن، کاتێکی گونجاوە تا ئەو بڕیارەی ماوەیەکە لە دڵتە ئێستا بیدەیت، هەست دەکەیت کەسێکی بەختت نییە، بەڵام وانییە.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢


لەگەڵ کەسێکدا ماوەیەکە دەمەقاڵێتانە، نابێ بەم جۆرە بیر بکەیتەوە، چونکە ڕەنگە هەڵەکە لەلایەن تۆوە بێت، کاتێك دەتەوێت کارێك بکەیت، ئەوەندە باسی مەکە و یەکسەر ئەنجامی بدە، بۆ ماوەیەکی دوورە هەستت جێگیر نییە و باشتر دەبێت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەگەڵ بیرۆکەکانت تا ڕادەیەك کەسایەتیت گونجاندووە، بەڵام ناکرێ بیر و ڕای کەسانی دیکە فەرامۆش بکەیت، چونکە ڕەنگە ئەوان بە هەڵە بیرت لێ بکەنەوە، ئاگاداری دەروونت بە و ئەوەندە توورە مەبە و خۆت بگرە.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئاگاداری ژیانی خۆت بە و زۆر لەگەڵ کەسانی دیکەوە تێکەڵ مەبە، تەنیا وەك هاوڕێیەك بن و نهێنییەکانت باس مەکە، چونکە کاتێك نهێنی باس دەکەی، دواتر بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە، زیرەك و کارامە بە لە هەڵبژاردنی کارەکانت.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە، باس لەو کەسانە دەکات کە نهێنی و زانیاری لەسەر یەکتر دەزانن، هەر بۆیە کاتێك دەگەن بە یەکتر، هەردووانیان ناتوانن قسە بکەن و بەرامبەر یەکتر بێدەنگن.



## نوکتە

جارێکیان لە دارستان، هەر یەکە بە نۆرە دەچێ خواردن بهێنێت، وا رێککەوت کە رۆژێك نۆرەی کیسەڵ بێت، تا بچێ خواردن بهێنێت، گیاندارەکان هەموو برسییانە و چاوەڕێ خواردنن، کیسەڵ دەڕوات و ماوەیەکی زۆری پێدەچێ، هەموویان تووڕە دەبن و پاشای دارستان دەڵێ: کیسەڵ بێتەوە، هەر دەبێ بیکوژم، لەو کاتە دەرگا دەکرێتەوەو کیسەڵەکە سەری دەهێنێتە ژوورەوە و دەڵێ : ئەگەر تووڕەم بکەن هەر ناچم!



## درێژترین کڵاو

کڵاو، یەکێکە لەو جلانەی کە بۆ جوانی و سەرنجڕاکێش لەسەر دەکرێت، ئەو کلتوورە لە وڵاتانی رۆژئاوا و ئەوروپا باوە و بەشێکی زۆریان کڵاو لەسەر دەنێن، بە تایبەت لە بۆنە و شوێنە گشتییەکاندا، پیاوێکی ئەمریکی بە ناوی (ئۆلدیۆن ئوزیر) کە خەڵکی ویلایەتی فلۆریدا، هەمیشە خووی بە کڵاو لەسەر کردن هەیە، جگە لەوەی هەردەم کڵاو بەسەرە، هەروەها داهێنانیش لە کڵاوەکانی دەکات، دواجار درێژترین کڵاوی لەسەر ناوە کە تا ئێستا کەس لەم جۆرە کڵاوەی نەبووە، درێژی کڵاوەکەی (۲۹۰) سەنتیمەترە، واتە نزیکەی (۳) مەتر، ئەوەی سەیرە ماوەی (۷) هەفتە خەریکی دروستکردنی ئەو کڵاوە درێژە بووە، کە هەمووشی لە پەڕی تاوڕس و چریشی قوماش و بەرگ و پەڕەی ئاژەڵان و باڵندە.





### گۆزە ۱/۲۰ - ۲/۱۸

گەر دەتەوێ بەسەر کێشەکانتدا زاڵ بیت، دەبێ ئارام بگریت و بە هێواشی چارەسەری کێشەکانت بدۆزیتەوە، چونکە ماوەیەکە بیر و هەستت جێگیر نییە و شێوازی رەفتارت توندە، چاکترە ئارام ببیتەوە و کەسێکی باشیشت ناسیوە.

### نەهەنگ ۲/۱۹ - ۳/۲۰

کارەکانت بە جوانی رێکخستووە، تەنیا ئەوە نەبێ پەیوەندییەکانت لەگەڵ کەسانی نزیکت لەو ئاستە نییە کە خۆت دەتەوێ، چاکترە لەگەڵیان زیاتر نزیك ببیتەوە، بەڵام رێگە مەدە کەس بێتە ناو ژیانت، بەڵام ئەو کەسەی ماوەیەکە لێت نزیکە، مەبەستێکی پاکی بۆت هەیە.

### شایان ۹/۲۳ - ۱۰/۲۲

بیری رابردوو مەکە، چونکە دەبێ داهاتووت جێگیر بکەیت و هەمیشە خۆت بە داهاتوو ببەستەوە، ماوەیەکە بیر و هەستت جێگیر نییە، ئەوە بەهۆی ئەوەیە زۆر بیر دەکەیتەوەو کارەکانت پشتگوێ خستووە، هەوڵبدە لەگەڵ کەسانی دەوروبەت نزیکتر بیت.

### دووپشک ۱۰/۲۳ - ۱۱/۲۱

رێگای داهاتووت چەندین کار و ئەرکی تێدا دەبێ، بەڵام دەبێ زیرەکانە کاریان بۆ بکەیت، هەمیشە دڵخۆش و گەشبین بە، کاتێك بیر لە کارەکانت دەکەیتەوە، وادەزانی کە زۆر هیلاك و ماندووی، ئەوەش پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، نەوەك کارەکانت.

### کەوان ۱۱/۲۲ - ۱۲/۲۱

هەندێ جار بیر لە داهاتووت دەکەیتەوە و تووشی بێ ئومێدی دەبیت، بەڵام پێویستە ئەوە بزانی کە داهاتووت گەشە، چونکە ماوەیەکی ناخۆشت بەڕێ کردووە، ئێستاش نۆرەی ئەوەیە دڵخۆش بیت، ئەو کارەی ئێستات سەرکەوتنی بۆت دەبێت.

### گیسک ۱۲/۲۲ - ۱/۱۹

شێوازی رەفتارت باشتر بووە و کاتێکت پێویستە تا بیر و هۆشت زیاتر باشتر دەبێت، چونکە ئەو کێشەی رابردوو زۆر ماندووی کردی، بۆیە پێویستت بە پشووە، دەبێ کاتێك لە ژیانت بێ ئومیدی و دڵت تەنگە، هەوڵ بدەیت ئارامیت پێوە دیار بێت.